# کۆیلەیەتی پیاو لەپێش چەوساندنەوەی ژن دایە

**هەندرێن حەمەدەمین**



لە هەر کۆملگایەک کە چوساندنەوە و کوشتنی ژنانی تیایە ئەوە نیشانەی کۆیلەیەتی پیاوەکانە، ئازادی ژن و پیاو بەیەکەوە گرێدراوە، هەرگیز ناکرێت لە کۆمەڵگایەک پیاو ئازاد بێت و ژن چەوساوە بێت، زۆر کەس پێی وایە لەو کۆمەڵگایانەی کە چەوساندنەوەی ژنی تیایە ئەوە مانای ئەوەیە کە پیاوەکانی ئازادن، ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە لەم کۆمەڵگایانە بە هۆی چەوساندنەوەی ژنان پیاوان سزا نادرێن، بەبێ ئەوەی کە خوێندنەوە بۆ پیاوانی ئەو کۆمەڵگایە بکرێت و بزادنرێت کە ئەم پیاوانە پێشتر سزا دراون و هەست و بیر و هۆشیان لێسەندراوەتەوە، لە کۆمەڵگایەک کە تاکەکانی بەردەوام  بە هەڵسوکەوتی توند و تیژی پەروەردە ئەکرێن و هەر لە منداڵیدا فێری دوژمنداریەتی و رەتکردنەوەی بیروباوڕی بەرانبەر ئەکرێن چاوەڕێی چ جۆرە ئازادیەک لەو کۆمەڵگایە ئەکرێت ؟؟

کورد مللەتێکی بەرفرەوان و لێکترازاوە، من هەرگیز باوڕم بەوە نیە کە پێناسەیک بتوانێت سەرتانسەری کەلتوری کوردی لەناو خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەو جیاوازی و لێکدابڕانەی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەیە بە هۆی فاکتەری جۆراوجۆرەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە جیاوازیەکی تەواو لە داب و نەریتی ئەم ناوچانەدا بەرهەم بێت، ئێمە هەرگیز ناتوانین یەک خوێندنەوە بۆ داب و نەریتی کوردەکان لە باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا بکەین، لە هەمان کاتدا ناتوانین یەک خوێندنەوە بۆ شوێنە لەیەکدابڕاوەکانی یەک پارچەش بکەین، بۆیە پێویستە خوێندنەوە بۆ هەر یەکێک لەم ناوچانە بە جیا بکرێت، لەگەڵ ئەوەی کە چەندین خاڵی هاوبەش لە هەموو ئەو ناوچە جیاجیایانە هەیە.

ئەوەی زۆر رون ئاشکرا و بەرچاوە کاریگەری بیروباوڕی ئیسلامە بەسەر سەرتانسەری کوردا، بەڵام بە رێژەی جیاواز، واتە هەر ناوچەیەکی کوردستان بە ئاست و رێژەیەکی جیاواز لە ناوچەیەکیتر کەوتۆتە ژێر ئەو کاریگەریە، کەواتە ئیسلام یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کۆمەڵگای کوردی لەیەکتر دابڕاندوە، لەگەڵ چەندین فاکتەریتری سیاسی و کەلتوری کە سەرچاوەی لە مللەتانی دەوروبەر وەرگرتوە، وەک کەلتوری تورکی و فارسی و عەرەبی، لە کاتێک هەر یەک لەم کەلتورانەش بە ئاست و رێژە و تێگەیشتنی جیاوازەوە لە ژێر کاریگەری بیروباوڕی ئیسلام دان.

با بزانین بیروباوڕی ئیسلام تا چ ئاستێک مرۆڤ کۆیلە ئەکات و تا چ ئاستێک توندوتیژی لە ناو مرۆڤدا ئەڕوێنێت، ئیسلام ئەو بیروباوڕەیە کە مرۆڤ ملکەچی هەموو فەرمایشتەکانی ئەللا ئەکات، بۆ هیچ موسڵمانێک نیە بە هیچ شێوەیەک هیچ یەکێک لەو فەرمایشتانە رەتبکاتەوە، نە بەکردار نە بەقسە نە بەبیرکردنەوە، وە لەسەر هەموو موسڵمانێک پێویستە کە هەر لە کاتی لەدایک بوون منداڵەکەی بەڕێنمایەکانی ئیسلام پەروەردە بکات و بە هیچ شێوەیەک رێگا نەدات کە ئەم منداڵە هیچ سەرپێچیەکی ئەرک و فەرمانەکانی ئیسلام بکات، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتێکی رەها ئەدات بە گەورەی ماڵ کە هەم باوک و هەم مێردە، بەو مەرجەی کە ئەم پیاوە موسڵمانێکی تەواو بێت، واتە هەموو بیر و هۆش و هەستەکانیشی کەوتبنە ژێر فەرمایشتەکانی ئیسلام، یان باشترە بڵێین بووبێتە کۆیلە و ملکەج و سەرشۆڕی ئەللا و موحەمەد و شەریعەتی ئیسلام، ئەمەش یەکەم دەستپێکردنە بۆ کۆیلەکردنی تاکی ئیسلام وە بە پلەی یەکەم کۆیلەکردنی پیاوە وەک بەرپرسێک لە خێزاندا، ئیسلام وا پیاو پەروەردە ئەکات کە ئەللا

نەوەک هەر لێپرسینەوە سەبارەت بە کار و کردەوەکانی خودی پیاو ئەکات، بەڵکو لێپرسینەوە لە پیاو ئەکات سەبارەت بە کار و کردەوەکانی هەموو تاکێکی خێزان لە ژنەکانی و منداڵەکانی بە کچ و کوڕەکانیەوە، **ئەمەش خۆی لەخۆیدا وا لە باوک یان مێرد ئەکات کە بە کۆیلەیەتی خۆیەوە دەسەڵاتێکی رەهای هەبێت بەسەر هەموو خێزاندا.**

ئەم دەسەڵاتە رەهایە لە ئیسلامدا بۆ باوک یان مێرد ئەگاتە ئاستی کوشتن، یەک لەو سەرچاوانەی زەمینەی تەواو لەبار ئەرەخسێنێ بۆ کوشتنی منداڵ لەلایەن باوکیەوە هەر دوو ئایەتی ١٧٨ و ١٧٩ی سورەتی بەقەرەیە :

{ يا أيها الذين آمنوا كُتِب عليكُم الْقِصاص فِي الْقتلى الحر بِالْحر والعبد بِالعبدِ والأنثى بِالأنثى فَمن عفِي لَه مِن أَخِيهِ شيءٌ فَاتباع بِالْمعروفِ وأداء إِلَيهِ بِإِحسانٍ ذَلِك تخفِيف من ربكُم ورحمةٌ فَمنِ اعتدى بعد ذَلِك فَلَه عذَاب أَلِيم (178) ولَكُم فِي الْقِصاصِ حياةٌ يا أُولِي الأَلْبابِ لَعلَّكُم تتقُونَ (179) }

ئێمەش لێرەدا ئەم ئایەت و ئایەتەکەی دوای ئەمە بە گوێرەی وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار بۆ ئەو خوێنەرانەی کە عەرەبی نازانن وەکو خۆی ئەینووسینەوە:

{ ئەی گەلی خاوەن باوڕان! لەمەڕ ئەوانەی کوژراون تۆڵەمان بۆ بڕیارداون، رزگار لە تۆڵەی رزگار و کۆیلە لە تۆڵەی کۆیلەدا و مێوینە لەبڕی مێوینە، هەر کێش لە برای هاودینی خۆی دەس لە خوێنگری هەڵگرێ ئەبێ بەپێی داب بجوڵێتەوە و بەخۆشی خۆی مەسەڵەت بکا، ئەم بڕیارە لە پەروەرندەی ئێوەڕا سووک باریە و بەزەیە دەرهەق بە ئێوە هەرکێ لەمە خۆ ببورێ بەشی جەزرەبەی بە ژانە}

ئەوەی کە لە ئایەتە جێگای باسی ئێمەیە کە تۆڵەی کوشتنە لە بکوژ، تەواو دیارە کە تۆڵەکە یان بە کوشتنەوەی بکوژە یان خوێن وەرگرتنە یان لێبوردنە، دیارە کەسی خاوەن کوژراو لە هەر یەک لەم سێ سزادانە سەرپشکە، ئەوە وەک مافێک بۆ خاوەن کوژراو لە بکوژەکەی، باشە کاتێک کە بکوژ باوک بێت ئایا هیچ کەسێک هەیە لە باوک بۆمنداڵەکەی نزیکتر بێت تا تۆڵە لە باوک بکاتەوە؟؟؟ داوای کوشتنەوەی بکات یان داوای خوێنی بکوژ بکات یان بیبورێت ؟؟ دیارە بەپێی شەریعەتی ئیسلام هیچ کەسێک لە باوک بۆ منداڵەکەی نزیکتر نیە و هیچ کەس بە قەد باوک مافی بەسەر منداڵەکەیدا نیە، کەواتە لەو کاتەی کە باوک منداڵەکەی ئەکوژێت هەر خۆشی خاوەن ماف و خاوەن بڕیارە، بەمەش باوک لە کاتی کوشتنی منداڵەکەی بەپێی شەریعەتی ئیسلام هیچ جۆرە سزایەکی لەسەر نیە، هەر لەبەر ئەوەشە بەردەوام کە ئەویستریێت کچێک بکوژرێت و هیچ کێشە و گرفتێکی دوای کوشتنەکەی لێنەکەوێتەوە ئەوا هەوڵئەدرێت بەدەستی باوک بکوژرێت یان رەزامەندی باوک بۆ کوشتنی وەربگیرێت، چونکە ئەو کەسەی کە ئەم کچە ئەکوژێت دواجار بڕیاری تۆڵە بۆ باوک ئەگەڕێتەوە لە کاتێکیش کە باوک خۆی رەزامەندی کوشتنی کچەکەی کردبێت ئەوا بێگومان لێبوردن لە بکوژ ئەکات سەرەڕای دەستخۆشی.

لەلایەکیتر دەقی ئایەتەکە بە ئاشکرا پێمان ئەڵێت کە تۆڵەی رزگار لە رزگار و تۆڵەی کۆیلە لە کۆیلە و تۆڵەی مێینە لە مێینە، باشە کاتێک کە باوکێک وەک نێرێک و وەک رزگارێک کچەکەی خۆی ئەکوژێت چۆن تۆڵەی لێئەکرێتەوە؟؟ بە ئاشکرا ئەم ئایەتە ئەڵێت ئەبێت لە تۆڵەی مێینە، مێینە بکوژرێتەوە، کەواتە کۆمیدیەکە ئەلێرەیە کە ئەگەر تۆڵەش بسێندرێتەوە ئەوا ئەبێت مێینەیەک لە شوێنی کوژراو بکوژرێتەوە.

ئەم توند و تیژیەی بیروباوڕی ئیسلام کە بریتیە لە کوشتن و بنبڕکردن و نەهێشتنی گونەهە بچوکەکان تا گونەهی گەورەی لێنەکەوێتەوە و رەتکردنەوەی هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە لە دەرەوەی سنووری تێگەیشتنەکانی ئیسلام هەن، تاکی ئیسلام نەوەک هەر بۆ کوشتنی ژن هان ئەدەن، بەڵکو هەر ئەم بیروباوڕە بۆتە هۆی گەلێک کوشتاری وا کە لە ئاکامی بە هەزارەها پیاویش کوژراون، ئەمەش مێژوویکی ئاشکرا و دیاری هەیە کە تا ئەمڕۆش جێگای شانازی کەسی ئیسلامە.

لەسەر ئەم بنەمایەیە،کە کۆمەڵگای کوردی لەژێر کاریگەریەکی زۆری ئیسلام دایە و تا ئاستێکی زۆر ئەم بیروباوڕانەی ئیسلام تێکەڵ بە کەلتورەکەی بووە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەگوێرەی زۆری و کەمی کاریگەریەکەی جیاوازی بکەوێتە نێوان شوێنە جیاوازەکانی کوردستان، ئەو شوێنانەی کە زیاتر لەژێر کاریگەری ئیسلام دان

دیاردیەی توندوتیژی تیاندا زۆر بەرچاوترە لە چاو شوێنەکانیتر ، ئەم دیاریدەی توندوتیژیەش تەنها لە ژن کوشتن خۆی نادۆزێتەوە بەڵکو لە گەلێک بواریتردا ئەبینین وەک شەڕی نێوان خێڵ و تیرەکان تا ئەگاتە شەڕی میرنیشینەکان و کوشتن و برینی پیاوەکان و دەس بەسەرداگرتنی یەکتر و لە سەردەمی نوێشدا ئەم شەڕانە زۆر بە بەرفرەوانی گواستراوەتەوە نێوان حیزبەکان و گروپ و ڕەوتە سیاسیەکان، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لەناو خەلکی سادە و ساویلکە زۆر بەرچاوە کە ئەبینین چۆن لەسەر گەمەی و یاری منداڵان گەلێک جار گەورەکان ئەکەونە گیانی یەکتر و بە دار و بەرد لەشی یەکتر ئەشکێن و بریندای یەکتر ئەکەن، یان گەلێک جار لەسەر دارێک یان بەردێک کە سنووری ڕەز و باخچەکانیان دیاری ئەکات پیاوان لەیەکتریان کوشتوە، کاتێکش کە ئەم توندوتیژیە رواندنە لە ناو تاکدا هەبێت بێگومان ژن کوشتنیشی لێئەکەوێتەوە، بۆ ئەمەش هەر ئەو ئایەتەی دوای ئەم ئایەتە سەرچاوەیە بۆ رواندن و چاندنی تۆوی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە لەناو کەسەکاندا وەک لەسەرەوە بەڵێنماندا دەقی ئایەتەکە بەپێی وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار بۆ خوێنەر ئەنووسینەوە: { ولَكُم فِي الْقِصاصِ حياةٌ يا أُولِي الأَلْبابِ لَعلَّكُم تتقُونَ (179)}

{ ئەی خاوەن دڵانی وشیار ! ژیانوو بە تۆڵەوە بەندە، بەشکوو خۆتان بپارێزن}

ئەوەی لێرەدا جێگای باس و جێگای داخە، کە تا ئێستا لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا کارێکی ئەوتۆ نەکراوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بیروباوڕە کە بۆتە مایەی پەروەردەیەکی توندوتیژ و دروستکردنی عەقلیەتی تۆڵەسەندنەوە لەناو تاکی کورددا، لەمەش داخدارتر ئەوەیە کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی باشور ئەیەوێت بنەماکانی یاسای کوردستان لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام بێت.

لە کۆتایدا ئەپرسم لەکوێن رۆشەنبیر و ئازادیخواز و پێشکەوتوخوازانی کورد ؟؟ ئەیانەوێت بە چ جۆرێک کۆمەڵگا بەرەوپێش ببەن ؟؟ بە لەیەکتر ترازاندنی ژن و پیاو ؟؟ بەوەی کە رێکخراوی تایبەت بەژنان دابمەزرێنن و پیاوان خۆیان لەم بەرپرسیە بدزنەوە و بیکەن بە کێشەی ژن ؟؟ من لێرەوە دووبارەی ئەکەمەوە کە چەوساندنەوەی ژنان مانای کۆیلەتی پیاوانە



Handren88@hotmail.com

بۆیە تاکە رێگاچارە خەباتی هاوبەشی ژنان و پیاوانە بەیەکەوە لە پێناو ئازدی تاک و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ ( بە ژن و بە پاو)، ئەمەش تەنها بە ململانەیەکی رۆشەنبیریانە ئەکرێت لە بەرانبەر بیروباوڕی کۆنەپەرست و چەقبەستوو و دواکەوتوو، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە خوێندنەوەیەکی قوڵتر و بەرفرەوانتری هەموو رەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی هەیە، تا بتوانین لە رێگای بوارە جیاجیاکانی نووسین و کارە هونەریە جۆراوجۆرەکان خەلکی خەوتووی کوردستان بە ئاگا بێنین.

٧ی ٣ی ٢٠٠٨